# ڕاستکردنەوەی مانای چەند وشەیەک لە وتاری چەپکێک پەیڤی شێوە ئاخاوتنی ڕواندز

**سدیق سەعید**
**(ڕواندز)**

شێوەزاری ڕواندزییان، بە یەکێ لەو شێوەزارانە دادەنرێت، کە کۆمەڵێک خاسیەتی زمانەوانی هەیە بۆ جیاکردنەوەی لە شێوەزارەکانی تر هەیە، ئەو خاسییەتانە بوونەتە شوناسێک بۆ ناسینەوەی دەربڕین و ئاخاوتنی ڕواندزییەکان، لە هەر شوێنێک بن، تەنانەت لە هەندێ کاتدا، بەتەنیا دەربڕینێکی کورت، بەسە بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەمان بزانێ ئێمە ڕواندزین. ئەو خاسییەتانە، کە بەشێکیان لە گۆکردن دەردەکەون و بەشێکیشیان لە نووسیندا دەبینرێن، بوونەتە ڕێسا و چوارچێوەیەکی زمانەوانی دیاریکراو، کە تەنیا لە ڕواندزدا هەبێت، ئەمەش هۆکاری ناسینەوەی ئەو شێوەزارەیە. بۆ نموونە: وشەکانی (ئۆدا، ئۆباو، ئەوێهێ، شکەفت، ئەنگۆ، کەنگی، لەکنەوی، خێن) و چەندان وشەی تریش، کە پێکهاتەی زمانەوانی شێوەزاری ڕواندزییان پێک دەهێنێت، ئەگەرچی تا ئێستا لە ڕووی زانستی و مێژووییەوە ئەوە ساغ نەکراوەتەوە، کە شێوەزاری ڕواندزییان چۆن دروست بووە و چۆنیش بووەتە شێوەزاری ڕواندزییان، وەلێ بە بڕوای من وەک لەوەی پێشتر لە نامیلکەیەکی بچووکدا، کە لەبارەی شێوەزاری ڕواندزییانە نووسیومە، کە دەرکەوتن و پەیدابوونی ئەو شێوەزارە، ڕەنگە بەرمەبنای ئاوێتە بوون و تێکەڵبوونی چەند زمانێکی جیاوازی ناوچەکانی کوردستان بێت، بە تایبەتیش نابێ ئەوەمان بیر بچێت، کە هەڵکەوتەی ڕواندز لە ڕووی جوگرافییەوە هەڵکەوتەیەکی سێگۆشەییە و لە سنوورەکانی کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات نزیکە.

لەو ڕوانگەیەوە، ڕەنگە شێوەزاری ڕواندزییان بەرهەمی بەریەککەوتنی چەندان زمانی جیاوازی ئەو شوێنانە بێت، تا سەرەنجام بەهۆی لێکدانیانەوە، شێوەزارێکی نوێ دروست بووە، بێ گومان هۆکاری مانەوەی ئەو شێوەزارە، بە درێژایی مێژوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەردەوام ڕواندزییەکان وەک دانیشتووی شارێکی کوردستان، هەمیشە ئەو زمانەیان لە گۆکردن، بەرجەستە کردووە. شێوەزاری ڕواندزییان، شێوەزارێکە کە تاڕادەیەکی زۆر پاشخانی فیکری و زمانەوانی ڕواندزییەکان پێک دەهێنێت. بەهۆی بەردەوامی قسە پێکردن و دیالۆگ گۆڕینەوەش، توانیویەتی بەردەوامی بە خۆی بدات، ئەگەرچی بەهۆی پێشکەوتنەکانی سەردەم و ئاوێتەبوونی کولتوورەکان، شێوەزارەکان وەک بەشێکی جیاواز و بچووک لە زمانەکان، ئەوانیش کەوتوونەتە بەر ئەو تێکەڵبوونە کولتوورییە و زۆر بەکەمی ماون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەزارەکان، شوناسێکن بۆ ناسینەوەی

دانیشتووانی شوێنێک و جێگەیەک. بەو پێیەی دەبێتە بەشێک لە پێکهاتی زمانەوانی و پاشخانی فەرهەنگی ئەو شوێنە. مانەوەی شێوەزاری ڕواندزیانیش تا ئێستا پێوەندی بەو دەربڕینانەوە هەیە کە لە زمانی ڕواندزییەکان دەبینرێن، چونکە نابێ ئەوەمان بیر بچێت ئەوەی بۆ هەمیشە زمان بە زیندوویێتی دەهێڵێتەوە، قسەکردنە بەو شێوەزارە. ئیدی بەو شێوەیە نەوە دوای نەوە ئەو شێوەزارە دەگوێزرێتەوە و سەرەنجام دەبێتە ناسنامەی کەسەکان.

بە داخەوە ئێمە چونکە زمانێکی ستانداری یەکگرتوومان نییە، ئیدی ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە دیاردەی فرە دەربڕین و هەمە جۆری لە نووسین و ڕێنووسدا پەیڕەو بکرێت، هەرچەندە شێوەزارەکان بەو پێیەی زمانی لۆکاڵی شوێنێکن، کەمتر دەبنە زمانی تێکستێکی نووسراو. بۆ نموونە: شێوەزاری ڕواندزییان کەمتر وەک زمانی نووسینی بەرهەمێکی ئەدەبی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ڕواندز بوونی هەیە. تا ئێستا نەمبینیوە، دەقێک بە تەواوەتی لەو شێوەزارە بێت بێجگە لە نامیلکە شیعری (هەتا هەنووکە) کە ئەویش لە چەندان شوێنەوە هەڵەی تێدایە. لەو ڕوانگەیە لە ژمارە (٢٤٣)ی ڕۆژی ٢٠١٧/٨/٥ی گۆڤاری (ڕامان)ی سەنگیندا، وتارێکی هاوڕێم (یاسین برایم) بڵاوکراوەتەوە، کە ناوەڕۆکەکەی هەڵسەنگاندنێکی خێرای کۆمەڵە شیعری (هەتا هەنووکە)ی (عەقیلە ڕواندزی)یە کە بە شێوەزاری ڕواندزییان بڵاوی کردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، نووسەر ئاماژەی بە چەند هەڵەیەک و ڕاڤەکردنی چەند دێڕە شیعرێک کردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، نووسەر چەندان وشەی بە شێوازی ڕواندزییان ڕاست نەکردووەتەوە کە لە کۆمەڵە شیعرەکەی (عەقیلە ڕواندزی)دا، بە هەڵە بەکار هاتوون، وێرای ئەوەش بەشێکی ئەو وشانەی نووسەر ڕاڤەی کردوون، بە مانا و مەبەستی دیکەش بە کار دێن لە شێوەزاری ڕواندزییان. جگە لەمانەش خودی شیعرەکان چەند هەڵەیەکی واتاییان هەیە، کە دەبوو نووسەر لە دیوانەکەی شاعیری ڕاستکردبانەوە، بەڵام دیارە ئەویش هەستی پێنەکردوون، تەنانەت خودی دیوانەکە چەندان هەڵەی زمانەوانی هەیە، وەلێ ئێمە لەم وتارەماندا، تەنیا کۆمێنتی خۆمان لە بارەی ئەو نووسینەوە دەنووسین کە (یاسین برایم) لەبارەی شیعرەکانەوە نووسیویەتی. ئەگەر سەرنج لە وتارەکە بدەین، دەبینین چەندان وشە بە شێوەزاری ڕواندزییان لە شیعرەکاندا هەن، بەڵام بە داخەوە هەڵەن، کە دەبوو نووسەر ڕاستی کردبانەوە. بۆ نموونە: وشەکانی (جل و هەشت، جیا، جاشە، هەشتاوجاری، جنینە، جارەم، کۆجەر، جاو) هەموویان هەڵەن و لە شێوەزاری ڕواندزییان بەو شێوەیە نین. سەیر لەوەدایە شاعیر لە کۆشیعرییەکەی خۆی، هەر پیتێکی (چ) هەیە کردوونیەتییە (ج)، کە لە زمانی کوردیدا، ئەو دووپیتە جیان لە یەکتری و بە ئاڵوگۆڕکردنیان، مانای وشەکان گۆڕانی بەسەردا دێت وەک: (جیا کە بە مانای جیاوازی دێت/ چیا کە بەمانای شاخ دێت، بۆیە ئەو وشانەی شاعیر بە پیتی (ج)، نووسیونی، هەموویان لە شێوەزاری ڕواندزییان بەو جۆرە گۆناکرێن و نانووسرێن، بەڵکو بەو شێوەیە دەردەبڕدرێن: (چل و هەشت، چیا، جاش، هەشتاوچاری، چنینە، چارەم، کۆچەر، چاو) شاعیر هەموو وشەیەکی کە پیت (چ)ی تێدایە، کردووە بە پیتی (ج)، بەتایبەتیش کە بەسەر کۆمەڵە شیعرەکەیدا چوومەوە هەستم بەو هەڵەیە کرد کە پێدەچێت هەڵەی تایپکردنی پیتەکان بێت، بۆیە دەبوو نووسەر لە وتارەکەیدا، ئاماژەی بەو هەڵەیە کردبا لە کۆمەڵە شیعری هەتا هەنووکە کە بە شێوەزاری ڕواندزییان نووسراوە. لەلایەکی ترەوە وشەی (بو) بەپیتی (وو) دەنوسرێت، هەروەها وشەی (ڕەزێ) کە مەبەست لێی بەروبوومی دارمێوی میوەی ترێیە، ڕواندزییەکان ناڵێن (ڕەزێ)، بەڵکو دەڵێن: (ڕەز، ڕەزی) بۆ نموونە: (چوومە ناو ڕەزی، چۆ ناو ڕەزی، ناچیە ناو ڕەزی، نەچوویمە ناو ڕەزی، نەچووینە ناو ڕەزی، نەچوویتە ناو ڕەزی). هاوکات ئەو وشانەی نووسەر لە وتارەکەیدا لەڕووی ماناوە بە شێوەزاری ڕواندزییان لێکدانەوەی بۆ کردوون، بەشێکیان بۆ مەبەستی تریش بەکاردێن و بەشێکیشیان مانای دیکە دەگەیەنن وەک:

**یەکەم:** نووسەر نووسیویەتی: سەربەڕشک: سەربەڕشک و ئەسپێ. ڕاستییەکەی ئەسپێ زیندەوەرێکی دیکەیە و جیایە لە ڕشک، بۆیە لەم ڕستەیدا نووسەر نەدەبوو بنووسێت: (سەر بە ڕشک و ئەسپێ).

**دووەم:** نووسەر نووسیویەتی: ئەگۆ، دەوت، دەگۆ، بەڵام لە شێوەزاری ڕواندزییاندا، (دەیگۆ، ئەیگۆ) زۆرتر بەکاردێت.

**سێیەم:** نووسەر نووسیویەتی: بەربوو، هەڵگیرسا، بەڵام وشەی بەربوو لە شێوەزاری ڕواندزییان بەمانای (هەڵاتنیش دێت) بۆ ئاژەڵ و گیانەوەران. وەک: (گوێدرێژەکە بەربوو، مانگاکە بەربوو، ئاژەڵەکان بەربوون).

**چوارەم:** نووسەر نووسیویەتی خەنی لەوەی: خۆشی لەوی، بەڵام ڕواندزییەکان زۆرتر (خەنیە لەوەی) بەکاردێن.

**پێنجەم:** نووسەر نووسیویەتی: لۆمە بۆ ئێمە، بۆمە. لۆمە لە شێوەزاری ڕواندزییاندا بەمانای (زەمکردن و باسکردنی یەکێکیش دێت بەخراپە).

**شەشەم:** نووسەر نووسیویەتی: خۆم تێوەرینا، باوەشم پیاکرد، بەڵام خۆم تێوەرینا لە شێوەزاری ڕواندزییاندا مانایەکی دیکەشی هەیە ئەویش: بەمانای (چوونە ناو باسی کەسانیتر دێت). بۆ نموونە: دەڵێن: (خۆی تێوەرینا)، واتە بەبێ ئەوەی باسەکە پێوەندی بەوەوە هەبێت، قسەی لێدەکات.

**حەفتەم:** نووسەر نووسیویەتی: بەلەجەکا: گۆری خوری. بەلەجەکا کە گەلێک جار ساق و بەلەکپێچیشی پێ دەڵێن، بەمانای گۆری خوری نییە، بەڵکو ئەو (پارچە پەڕۆیە لە خوری دروست کراوەیە، کە لە گوێزرینی پێ تا سەر ئەژنۆ دەگرێت)، گۆری خوری هەر پێی دەڵێن گۆری خوری.

**هەشتەم:** نووسەر نووسیویەتی: دەشاخییان کورکا: لە شاخیان فرێبدات، بێ گومان کوربوون لێرەدا بەمانای تێکەوتن دێت، بەڵام لە شێوەزاری ڕواندزییاندا ئەم وشەیە بە پێی کرداری ڕێزمانی کەسی یەکەم و دووەم دەگۆڕێت. بۆ نموونە: کوربوو زۆرتر بۆ یەکەمین کەسی تاک بەکاردێت. وەک: (دەشاخی کوربووم. وەختبوو لە شاخی کوربم). بۆ دووەمین کەسی ناڵێین: دەشاخی کورکە، بەڵکو دەڵێین: (دەشاخی باوێ، دەشاخی کەت، دەشاخی کەوتبوو.)

لەلایەکی دیکەوە، لەو کۆمەڵە شیعرەی عەقیلە ڕواندزی، نووسەر وشەی شێوە ئاخاوتنی ڕواندزییانی دیارکردووە، بەڵام دەبوایە بەشێک لە وشانەی ڕاست بکردایەتەوە، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا بەهەڵە بە کاری هێناون. بۆ نموونە،

شاعیر دەڵێت: لە سەر کێلا بە کوردی بنوسین.

ڕاستییەکەی وشەکە (کێل)ە، نەک (کێلا). ئەگەر شاعیر مەبەستیشی هەردوو کێلی گۆڕەکە بێت، ئەو نابێتە کێلا، بەڵکو دەبێتە (کێلەکان)، واتە پاشگری(ان)ی بۆ زیاد دەکرێت. هاوکات هەر لەو دێڕەدا (وشەی بنوسین) هەڵەیە (بنووسین) دروستە. بەداخەوە شاعیر لە پێناو هاوکێش و قافیەکردنی وشەکان، کێش و برگە و ڕیتمی شیعرەکانی تێکداوە.خوا یاربێت لە نووسینێکی درێژدا، ئێمە بەوردی دێینەوە سەر ئەو کۆمەڵە شیعرە.لەلایەکی دیکەوە لە دێڕە شیعرێکی تردا، شاعیر دەڵێت:

**جاشە کوشتبوون کوریان کردنە خوار...**

هەر خوێنەرێک ئەو دێڕە شیعرە بخوێنێتەوە، دەزانێت چ لەنگییەکی لە ڕووی دەربڕینەوە تێدایە. دیارە وەک باسمان کرد شاعیر لە پێناو هاوقافیەکردنی وشەکان، زۆر گرنگی بەدارشتن و مانای وشەکان نەداوە. جاشە نییە، بەڵکو (جاش)ە. جاش کوشتبوونی کوریان کردنە خوار جوانتربوو. لەدێڕێکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

**لە قوتابخانەی گەرارەی کیژان....**

**بوومە مدیرە لۆکیژ و کوڕان....**

شاعیر خۆی دەڵێت: قوتابخانەی گەرارەی کچان، کەواتە قوتابخانەکە تایبەت بووە بە کچان، بۆیە بۆ کوڕان هەڵەیە و ڕەنگە شاعیر بیری چووبێت.

تەنانەت نووسەری وتارەکەش درکی بەو هەڵەیە نەکردووە. ئەمانە بەشێک بوون لەو سەرنجانەی لە بارەی وتاری چەپکێک شێوە ئاخاوتنی ڕواندز خستمانە ڕوو، بەهیوام خزمەتێکمان بە خوێنەرانی ڕامانی سەنگین کردبێت.

**پەراوێز:**

**چەپکێک پەیڤی شێوە ئاخاوتنی ڕواندز، وتارێکی (یاسین برایم)ـە لە ژمارە ٢٤٣ی ٢٠١٧/٨/٥ی گۆڤاری ڕامان بڵاوکراوەتەوە.**